# سێکوچکەی فاشیزم و نازیزم و بەعسیزم لە بۆتەی راسیزمیدا

**فوئاد نەجمەددین عومەر**

وەك ئاشکرایە مێژووی مرۆڤایەتی لێوان لێوە لە رووداو گەلێك، کە جێی شانازیکردنو شەرم داگرتنی مرۆڤەکانە لە ئاستیدا. لە ناو ساتەکانی مێژووشدا مێژووی نوێو هاوچەرخی مرۆڤایەتی پشکی شێری بەر کەوتووە لە سەرهەڵدانی ئەو رووداوانە. رێنیسانسو شۆڕشی فەرەنسیو دواتریش شۆڕشەکانی پیشەسازی لە ئەوروپا تا رادەیەك جێهێشتنی قۆناغێکی تاریك بوو، کە سەردەمانێك بوو کلێسا باڵی رەشی کێشا بوو بە سەر گشت کایەکانی ژیانی مرۆڤداو قفڵی لە دەرگای بیرکردنەوەی هەر کەسێك دابوو، کە بە سەدەکانی ناوەڕاست ناسرا بوو، هەروەها سەدەی بیستەمیش بە گرنگترینو پڕ رووداوترین کاتەکانی مرۆڤ دادەنرێت، کە زۆرترین ململانێی ئایدیاو پیشەسازی تەقەمەنیو هێزی بازووی تیا نمایشکرا، پاشانیش کۆلۆنیالکردنی وڵاتانی ئەفریقاو ئاسیا لە لایەن وڵاتانی زلهێزی جیهانییەوە سەلماندی، کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ئاسایشی (نەتەوەیی، ئایینیی، جوگرافی، ئابووری... هتد) لە مەترسییەکی حاشا هەڵنەگردایە، مرۆڤ هەمیشە هەوڵی داوە زۆرترین مەودای سنووری بەرانبەر لە رووی فکرییو سیاسییو ئایینیو کۆمەڵایەتییەوە ببەزێنێت، ئەوەی مەبەستمانە لێرەدا ئاماژەی پێ بکەین سەرهەڵدانو هاتنەکایەی دوو ئایدۆلۆجیایی ناسیۆنالیستی نیگەتیڤو تا رادەیەکی زۆریش لە یەك چووە، ئەوانیش فاشیزمو بەعسیزمە، کە لە سەرەتاو ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا لە سەر شانۆی رووداوەکانی رۆژئاواو رۆژهەڵات بە دیار کەوتن، کە حزبی فاشی لە ساڵی ١٩٢٢ لە ئیتاڵیاو حزبی نازی لە ئەڵمانیا ساڵی ١٩٣٣و حزبی بەعس لە دوو قۆناغدا، لە ساڵی ١٩٦٣و دوای رووخانیان جارێکیتر لە ١٩٦٨ دەسەڵاتیان لە عێراق گرتەوە دەست تا ٩ ی ٤ ی ٢٠٠٣، کە بە سوود وەرگرتن لە تیۆری راسیزم هەوڵی بێ وچانیان دا بۆ لە ناوبردنی نەتەوەکانیتر لە رێگەی کوشتارو جینۆسایدو هۆلۆکۆستەوە، بەڵام ئاشکرایە زۆربەی جار رەوڕەوەی مێژوو لە بەرژەوەندی تۆتالیتاران هەڵناسوڕێتو تینویەتی میللەتان بۆ سەربەخۆیو ئازادی خەونی رەشی ستەمکاران لە چاڵ دەنێت.

چەمکی راسیزم

راسیزم لە ووشەی Race ەوە وەرگیراوە، کە بە واتای رەگەز دێت. رەگەزپەرستی راسیزم تیۆرێکی دژە زانستیو کۆنەپەرستانەیە، کە بڕوای بە نایەکسانی نێوان رەگەزەکان لە بواری توانستیو هێزی بیرکردنەوەدا هەیە،[1] راسیزم رەگەزی گرووپێك دیاری دەکات، کە دەیەوێت بە هۆی رەگەزەکەیەوە خۆی لە گرووپەکانیتر جیا بکاتەوە، راسیزم ئایدۆلۆجییەکی سیاسی توندڕەوانەیە، کە لە رێگەیەوە مرۆڤەکانیتر بە پیسترینو درندانەترین شێوە دەچەوسێنێتەوە. راسیزم ئایدۆلۆجیایەکی دەبەنگانەو دڕندانەیە، کە مرۆڤەکان لە سەر بنەمایەکی بایۆلۆجی بە سەر چەند گرووپێکدا دابەش دەکات، وەکو گرووپی (رەش پێستەکان، سپی پێستەکان، قاوەیی پێستەکان) مەبەستی سەرەکی لەم دابەشکردنەش، قازانج کردنی گرووپێك، یان دەوڵەتێکی بەهێزە، کە دەیەوێت گرووپو

دەوڵەتی بێ هێز بچەوسێنێتەوە،[2] چەمکی راسیزم لە ماوەی نێوان دوو جەنگی جیهانیو لە ساڵی ١٩٣٣ هاتە ناو فەرهەنگی فەرەنسییەوە، بەڵام دەتوانین لە ناو تەواوی شارستانییەتە دێرینەکاندا ئەم دیاردەیە ببینینەوە،[3] بۆ نموونە کۆمەڵگەی رۆمانی بە هەموو ئەو کەسو میللەتانەیتریان دەووت بەربەری، کە لەوان نەبووایە بە تایبەتی ئەوانەی دژایەتی رۆمیان بکردایە، لە هەمان کات هیرۆدۆتس شەڕی ئەوروپیو ئاسیایی بە شەڕی بەربەرو مەدەنییەت لە قەڵەم داوە، کەواتە ئێستا روونە، ئەگەر ئەو ناوە وەك زاراوەی سیاسی) بە هەر کەسو کۆمەڵێك بووترێت، واتە کۆنەپەرستو دژ بە مەدەنیەتو بەدرەوشتو تێنەگەیشتووە،[4] سەرەتای پیادەکردنی ئەم تیۆرەش بۆ سەردەمی دۆزینەوەی جوگرافیەکان دەگەڕێتەوە، ئیتر لێرەوە لە سەر زەمینی ئەو کیشوەرە تازانە بە پاکتاوکردنو قڕکردنی نەتەوەکانی دەستی پێکرد، کە دانیشتووانی رەسەنی ناوچەکە بوون، کە وەك مرۆڤ سەیری نەتەوەکانیتری نەدەکرد، بەڵکو وەك ئاژەڵێك لێی دەڕوانین،[5] بەڕێوەبردنی سیاسەتە دژە مرۆڤەکانی ئەمریکا لە دژی سوور پێستو رەش پێستەکانی ئەم وڵاتە، کە سەرەڕای جاڕنامەی مافی مرۆڤ هەر وا درێژەی هەیە، نموونەیەکی زەقی راسیزمە،[6] بەڵام دواتر تیۆری رەگەزپەرستی بەرگی زانستی وەرگرت، کە زانایانی سەدەی نۆزدە لە بوارەکانی رەگەزناسیو عەقڵیو مرۆڤایەتی پێی هەستان، بەو پێیەی سەدەی نۆزدە سەدەی ناسێۆنالیزم بوو لە ئەوروپا، ئیتر تیۆری رەگەزپەرستی دەست بەرداری ئەوەبوو، کە تەنها لە سەر بنەمای رەنگی پێست جیاوازی بکات، بەڵکو جیاوازیکردن خەسڵەتی نەتەوەییانەی وەرگرت، هەر لە بەڵگەی تیۆکاری زانای سکوتلەندی رۆبەرت کنوکسەوە، کە لە سەر بیرۆکەی گۆشەی سەر دامەزراوە، جیاوازی دەکات لە نێوان کەللەسەری پیاوی سپی، کە خڕەو ئاستی بەرزترە، لەگەڵ کەللەسەری پیاوی رەش، کە درێژەو لە دۆخی ئاژەڵییەوە نزیکترە، تا دەگات بەو بەڵگە زمانەوانییانەی (ئەرنست رینان)*، کە پێی وایە عەقڵی ئاری نەژادەکان** لە سەروو عەقڵی ئەوانەوەیە، کە سامی نەژادن،[7] تا نەتەوەی سۆسیالیستی نەژاد پەرست لە ئەڵمانیا سەری هەڵدا[8] ئەدۆڵف هیتلەر*** رێبەری ئەڵمانیش لە ژێر دەمامکی رەگەزی باشتر چەند ملێۆن جوولەکەی کوشت [9] بە بۆچوونی هیتلەر گشت پێشکەوتنو داهێنانەکانی مرۆڤ لە سەرەتاوە تا کۆتایی بە درێژایی مێژوو، تەنیا لە لایەن نەژادی ئارییەوە دروستبووەو دروست دەبێت.[10]

ئاریایەتی وەك رگەزێك بە پاكو باڵاترین نەژاد ئەژمار کرا، هەر خودی واتای ئاری بە واتای ماقوڵی دێت، وەك هیگڵ دەڵێت: (مێژوو وا هاتووە لە هەر سەردەمێك لە سەر دەستی نەتەوەیەك پێشڕەوایەتی جیهان کراوە، ئەم جارە ئەو رابوونو تەکنیكو زانستو دادگەرییە پەیامە لە لایەن ئوممەتی ئەڵمانیاو نەژادی ئاری بۆ جیهان.[11] بینیتۆ مۆسۆلینی فاشیزمی ئیتاڵیاش دەڵێت: ئیتالیا پێویستی بە دیکتاتۆریەتێك هەیە، دیکتاتۆریەتێك بۆ نەتەوە.[12] هەروەها دەڵێت: (ئەفسانەی ئێمە نەتەوەیە) میراتگری ئیمپراتۆریەتی رۆم.[13] لە رۆژهەڵاتیش، میشێل عەفلەق****، کە دامەزرێنەری حزبی بەعسی عەرەبییە، ناسنامەی عەرەب لە سەر بنەمای جیاوازبوون دادەڕێژێت، کە دەڵێت:

ئێمە جیاوازین، ئێمە لە رۆژئاوا جیاوازین، ئێمە لە هیچ نەتەوەیەکی دنیا ناچین، ئەو جیاوازییەش تایبەتمەندێتیمان دەداتێ، کە تایبەتمەندێتی عەرەبییە یاخود ئیسلامییە،[١٤] بەلاّم بە رای ئەنتۆنی سیمس ناسیۆنالیستان ناتوانن بە ویستو ئارەزووی خۆیان ئەفسانەی نەتەوەیی دارِێژن، یان واتا بە هەر دابو نەریتێك بدەن،[١٥] چونکە بە هۆی هەموو ئەو تاوانە دزێوانەی هەر یەك لە نازیزمو فاشیزمو بەعسیزم، کە لە ژێر پەردەی ناسیۆنالیزمیو نەژادپەرستیدا ئەنجامدرا دەستبەجێ ئەو تیۆرانە پێودانگی زانستییانەی خۆیان لە دەستدا.[١٦] کەسێك، کە بروای بە جیاوازی ریشەیی لە نێوان مرۆڤەکاندا هەبێت چۆن دەتوانێت بە گژ راسیزمدا بچێتەوە؟ لە کاتێکدا تەنها کاری راسیزم ئەوەیە، کە ئەم قەناعەتە لە سەر زەمینەی واقیع (داکەوت) پراکتیزە بکات.[١٧]

چەمكو مێژووی سەرهەلّدانی فاشیزم (fascism)

وشەی fascism لە fasces (دەسکەداری) لاتینییەوە هاتووەو لە رۆمای دێریندا هێمای پاراستنی دەستوورو هێمنی بووە،[١٨] فاشیزم بیست سالّ مێژووی ئەوروپایە لەگەلّ داتەپینی دیموکراسی لیبرالّو بەرپابوونی شۆرِشی بەلّشەفیدا، سێیەم مەزنە رووداوی نێوان هەردوو جەنگی جیهانییە،[١٩] فاشیزم لە سەر فەلسەفەیەکی کۆمەلاّیەتی دیاریکراو بنیات نەنراوە، رێبازێکی نوێی ژیان، یان قۆناغێك لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی کۆمەلاّیەتی ناگەیەنێت، بەلّکو دیاردەیەکە لە دیاردەکانی یاخیبوونی سەرمایەداری کۆنەپەرستی،[٢٠] توندرِەوترین مەزهەبە، کە دژی سۆسیالیستیو یەکسانیو دیموکراتی یە، لە پێناوی دەولّەتدا کاردەکات لە سەر بنەمایەکی نەتەوەپەرستانە، کە لە ناو گێژاوی گشتیی سەرمایەداریدا هاتۆتەکایەوە.[٢١] گەرای ئەم بیرۆکەیە لە سالّی ١٩١٧ دا هاوکات لەگەلّ رەوتی کاملّبوونو سەرکەوتی کۆمۆنیزم لە روسیا، لە زەینی مۆسۆلینیدا فۆرمەلە بوو، لە سالّی ١٩٢٢ دا گەیشت بە ئامانج.[٢٢] بینیتۆ مۆسۆلینی وشەی فاشیزمی بۆ کۆمەلّەی پەرلەمانی چەکدار بەکاردەهێنا، کە لە جەنگی جیهانی دووەمدا دروستیکردبوو،[٢٣] کە رایگەیاند فاشیزم فەلسەفەیە،[٢٤] بەلاّم رایەك هەیە، کە دەلّێت: سەرلەبەری فاشیزم باوەرِێکی دژە هۆشگەراییە. (ANTI rationalism) واتە رێبازێکە شکۆمەندی لەوەدا دەبینێت بنەمای گۆشەنیگای خۆی بە راوێژی هۆشەکیو تیۆرێك بنیات نەنێت، بەلّکو پەنا دەباتە بەر تاوی شالاّوی هەستو ئەفسانە.[٢٥] بە شێوەیەکی گشتی فاشیزم بەرهەمی فشارە دەروونیو روحییەکانە، کە لە سەردەمی مۆدێرنیزم بۆ تاك پەیدا دەبن، یان بەرهەمی لێکدابرِانی کۆمەلاّیەتیو فرەوانبوونی کەلێنەکانی نێوان هەژارانو دەولّەمەندانە، لۆجیکی سیاسی کۆمەلاّیەتی فاشیزم ئەوەیە: مادام بۆ خۆمان نییە، ناهێلّین بۆ کەسی دیکە بێت.[٢٦] فاشییەت لە هەر شوێنو کاتێکدا بێت هاورِێی سێ دەرکەوتەی سەرەکییە، کە بریتین لە:

١ـ دیاردەی مێگەل دروستکردن
٢ـ دروستکردنی کەمایەتییەکی گوناهبار
٣ـ مۆنۆپۆلّکردنی راگەیاندن[٢٧]

ئەڵمانیاو بوون بە بنکەی سەرەکی نازیزم
نازییەت بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی سۆشیالیستی نەژاد پەرست بوو لە ئەڵمانیا سەری هەڵدا، وەك نازی کورتکراوەی دوو بڕگەی یەکەمی پارتی کرێکاری سۆشیالیستی نەتەوەی ئەڵمانی یەNational so Zialis Tishe Deutsche توخمو پێکهێنەرەکانی نازیش وەك فاشیی بریتیی بووە لە سەروەری نەتەوەییو شانازی بە باپیرانو پیرۆزی باڵای نیشتمانو بە سەردا وتنی پاڵەوانییەتی کەسی یەکەمو سەرکردە.
ئەوانەی وایکرد، کە لە ساڵی ۱۹۳۳ بە هەڵبژاردنێکی دیموکراسییانە هیتلەرو حزبی نازی ۲۸۸ کورسی بەدەستبهێنێتو بە دەنگی یەکەم دەربچێت لە پەرلەمان ـ راینشتاخ، هیتلەر بوو بە راوێژکاری سەرۆك وەزیرانی ئەڵمانیا، هەموو حزبەکانیتری هەڵوەشاندەوەو بوو بە خاوەنی ۸ملیۆن ئەندام، ئەو دوانزە ساڵەی دەسەڵاتی لە دژی دیموکراسیو ئازادیو نموونەی درندەیی دەسەڵاتی نازی وا پێناسەکراوە رێبازێکی تاکیانەی لیبراڵی دەوڵەتییە، دەوڵەتیش لە ژێر فەرمانی حزبێك بووە، حزبیش لە ژێر فەرمانی تاکە کەسێك بووە بە ناوی ڤۆهەر، رابەر. یاخود ئەدۆڵف هیتلەر. بەو شێوەیە ئەو بزووتنەوەیە تەشەنەی کردوو ئەڵمانیاش لە زانستو تەکنیكو بوارەکانیتر زیاتر پەرەی سەند، کە جەنگی جیهانی دووەمی لە سەر دروستبوو، دروشمە کۆنەکەی ئیمپراتۆرییەکان (بە تایبەتی تەیمور لەنگ) کە شەڕیان بە بیانوی ئەوەی یەك خوا هەیە لە ئاسمان دەبێت یەك حکومەتیش هەبێت لە سەر زەوی هەڵدەگیرساند.۲۸
کورتەیەك لە مێژووی سەرهەڵدانی بەعسیزم
حیزبی بەعس وەك حیزبێکی پان عەربیزمی ناسیۆنالیستی توندڕەو ئەگەرچی تا رادەیەك مێژووی دروستبوونی بە رۆژو بە مانگ روون نییە، بەڵام مێژوونووسانو توێژەرانی بواری سیاسی لە سەر ئەوە کۆکن، کە بۆ ساڵانی چلەکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە.۲۹ ووشەی حیزبی بەعس بۆ یەکەمجار لە نامەیەکی ناڕەزاییدا هاتووە، کە سەلاحەددین بەیتار***** لە بەرواری ۱٥ی نیسانی ۱۹٤٥ دا ئاڕاستەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی کردووە،۳۰ لە ناوەڕاستی چلەکانی ئەم سەدەیەدا، لە سوریاو لە باروودۆخێکی (ئابووری، سیاسی، کۆمەلایەتی، فەرهەنگ) ی دواکەوتوودا جوڵانەوەیەکی نەتەوەپەرست بە ناوی (حركة البعث العربية) واتە جوڵانەوەی ژیانەوەی عەرەب، بە قۆستنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسیو ئایدۆلۆجیەی ئەوسا سەری هەڵداو لە دەروازەیەکی نەتەوەپەرستانەی قاڵبوو لە ناو بۆتەی نازیزمدا هاتە گۆڕی ژیانی سیاسی نەتەوەی عەرەبەوە.۳۱ بەعس ئەو هزرو ئایدیۆلۆجییە نەتەوەییو رەگەزپەرستییە، کە دەیەوێت دەوڵەتێك بە زەبری هێزو ستەمو بیرۆکەی ناسیۆنالیزمیانەی شۆڤێنیزمیانە لە رێگەی سڕینەوەی پێناسی نەوەکانیتر بە تایبەتی نەتەوەی کورد دروستبکات، لە ژێر درووشمی (لە کەنداوەوە بۆ ئۆقیانوس) هەموو خاکی نەتەوەکانیتر بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە.۳۲ حزبی بەعسی عەرەبی، یەکەمین حزبی فاشیستی عەرەبییە، ئەم حزبە لەلایەن میشێل عەفلەقو سەلاح بەیتار لە ۷ی ٤ی ۱۹٤۷ لە دیمەشق ـ سوریا دروستبوو، بە ناو ئامانجی سەرەکییان (یەکێتی، ئازادی، سۆسیالیزم)بوو، بەڵام لە راستیدا ئامانجی سەرەکییان، یەکێتی

وڵاتانی عەرەبیو دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبی یەکگرتووە، دیارە وەك خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن.[٣٣]

راسیزتان لە هەر شوێنێك بن لە یەك ئەچن (هۆلۆکۆستو نموونە)
خەسڵەتی سەرەکی سەدەی بیستەم، نە هێزی چینایەتیو ململانێی چینایەتی بوو نە ململانێی بۆچوونو ئایدۆلۆجیایەکان، بەڵکو ململانێی نەتەوەکان بوو، بەڵام پێویستە بزانین، کە خودی هیتلەریش، زۆرتر ناسیۆنالیزمێکی توندڕەو بوو تا نازادپەرستیك، هەرچەندە بەردەوام قسەی لە سەر نەژد دەکرد، هەروەك خۆی لە کتێبی خەباتی مندا دەڵێت: من ناسیۆنالیستێکم نەك نیشتمان پەروەر،[٣٤] هەروەها مۆسۆلینیش وەك لە بەشی یەکەمدا باسمانکرد جەخت دەکاتەوە لە سەر نەتەوە، کە دەڵێت: ئیتاڵیا پێویستی بە دیکتاتۆریەتێك هەیە، دیکتاتۆریەتێك بۆ نەتەوە، یاخود دەڵێت: ئەفسانەی ئێمە نەتەوەیە، میراتگری ئیمپراتۆریەتی رۆم، نابێت جێگیربوونی ناسیۆنالیزمی لە ئەوروپادا بەلاوە کتو پڕ بێت، بەڵکو ئەمە دەرئەنجامی کاریگەری ئاڵووگۆڕە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان بوو،[٣٥] هەروەها بەعس، کە ئایدۆلۆجیایەکی ناسیۆنالیستی تێکڕاو گشتگیرە، ئیسلام لە سەر ئاستی ئەنتۆلۆجیو ئایدۆلۆجی دەبینی وەك بزووتنەوەیەکی سیاسیو ناسیۆنالیست، کە ئامانجەکەی یەکێتی نەتەوەی عەرەبەو لە هەمان کاتدا زیاتر وەك دیاردەیەکی داگیرکردنو شارستانیەت تەماشای دەکات نەك وەك وەحیەکی خوداییو چەند پراکتیکێکی پیرۆز، ئەم هەڵوێستە خۆی لە خۆیدا لەوەوە دێت، کە لە راستیدا بەعس هەوڵ دەدات خواستو ئاواتی پان ـ عەرەبی پارتەکەی، کە دەیەوێت هەموو عەرەب لە تەنها دەوڵەتێك کۆ بکاتەوە.[٣٦] بەعس رژێمێکی دیکتاتۆریی فاشیی وای دامەزراندووە، کە نەك رێگەی دیموکراسی بۆ گەلەکەیو ئۆپۆزسیۆن نادا، بگرە ئەوانەش، کە لەگەڵ حیزبەکەی دان ناوێرن نە بە ئاشکراو نە بە دزی، هەڵوێستی خۆیان لەمەڕ رووداوەکانی ژیانو دەوڵەتەکە دەربڕن، بەعس بە شێوەیەك چرای دیموکراسیی خەفە کردووەو نوزەی لەبەر بزووتنەوەی دیموکراسی بڕیووە.[٣٧] بەکارهێنانی هەموو جۆرەکانی توندوتیژی (سیاسی، دەروونی، عەسکەری، کۆمەڵایەتی، مەزهەبی) دیارترین ئەو میکانیزمانە بوون، کە بەعس بە درێژایی حوکمی خۆی کاری لە سەر دەکرد، بەعس لەم رووەوە بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونەکانی نازی ئەڵمانیو فاشی ئیتاڵیو کۆمۆنیزمی ستالینی، توانی تەواوی کۆمەڵگە داگیر بکات.[٣٨]
بەعسیزم دەبێت وەکو چەمکێکی تایبەتی تۆتالیتارانەی دەسەڵاتدارێتی لە جیهانی خۆماندا ببینینو راڤەی بکەینو تێی بگەین، تۆتالیتاریزم هەر وەك چۆن لە خۆرئاوای سەرمایەداری (فاشیزمو نازیزم)ی بەرهەم هێنا، لە خۆرهەڵاتیش کۆمۆنیزمی سۆڤیەتو چینی..هتد بەرهەم هێنا، ئاواش لە جیهانی عەرەبیو ئیسلامیدا فۆرمێکی تایبەتی دەسەڵاتدارێتی بەرهەم هێنا، کە ناوی بەعسیزمە[٣٩] عەفلەقو بەیتار لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ سوریا دەستیانکرد بە پڕوپاگەندە، بۆ بیری نەتەوەپەرستی عەرەبیو دژایەتیکردنی فەرەنساو بەریتانیا، میشێل عەفلەق زۆر هەواداری بیری فاشیزمی ئیتاڵییو نازییەتی ئەڵمانیایی بوو، لە هەمان کاتیشدا زۆر هەواداری سیاسەتی

ستالینیش بوو، هەر بۆیە لە رووی رێکخراوەییەوە، پشتیان بە سیاسەتی ستالینییانە بەست، لە رووی فکریشەوە پشتیان بە فاشیزمو نازییەت بەست.٤٠ بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەشمان دروشمی: المحیط الی الخلیج لە ئۆقیانووسەوە بۆ ئۆراڵی بەعسییەکان نزیکە لە وتەی دکتۆر ستێیناشەریی حزبی نازی، کە دەڵێت: ئێمە میللەتێکی سەد ملیۆنین، ئەڵمانیا تەنها دەوڵەتێك نییە، کە پێی دەڵێن ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانو هەموو ئەو زەویانە دەگرێتەوە، کە ئەڵمان تیایدا دەژی، ئەڵمانیا سەرجەم ئەو زەویانە دەگرێتەوە، کە دانیشتووانی بە ئەڵمانی ئاخافتن دەکەنو بە ئەڵمانی بیردەکەنەوە.٤١

کاربەدەستێکی فاشی بە ناوی لی، دەڵێت: لە تواناماندا نییە هیچ دەستکەوتێکی ماددی پێشکەش بە کرێکاران بکەین، ئەڵمانیا هەژارە، تووشی شکستیو تەنگو چەڵەمە بووە، هیچ بوارێك نەماوە تا چاوێك بە بەرزکردنەوەی کرێدا بخشێنین، لەبەر ئەوە پێویستە ئارەزووی ماددی لای چینی کرێکار کپو خامۆش بکرێت وچاو ببڕنە بەرزی نەتەوایەتی.٤٢

فاشیزم هەمیشە پەنادەباتە بەر پیادەکردنی سیاسەتی عەسکەرتارییەتو سەر ئەنجام جەنگ بە رێگە چارەسەری کۆتایی دەخاتەڕوو بۆ کێشە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان.٤٣

پێش گەیشتنی نازییەتو وەرگرتنی دەسەڵات، جوولەکە لە هەموو وڵاتانی ئەوروپایی ژیانیان ئاسایی دەبردە سەر، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا پاش سەدان ساڵ نەژادپەرستیو چەوسانەوەی، تا جیاکردنەوەیان لە گەڕەکی گیتۆ****** وڵاتانی خۆرئاواو ناوەڕاستی ئەوروپا بەڵێنیان دابوو رێز لە هاوڵاتیانی جوولەکە بگرنو مافی هاوڵاتیان بپارێزێن بە پێی ئەوەی ناونرا رزگاری.٤٤ هەرچەند ئەڵمانیا پێشینەیەکی درێژیان لە دژایەتی جوولەکەدا هەبوو، بەڵام بە گەیشتنی هیتلەر بە دەسەڵات، هیتلەر ئەم مەسەلەیەی بە جدیتر وەرگرتو بە لۆجیکێکی ترسناك رێگەچارەی کۆتایی خۆی، گرەوی لە رکابەرەکانی خۆی بردەوە، ئامانجی ئەو بریتی بوو لە پاکسازی ئەڵمانیاو ئەوروپا لە هەموو گرووپە نەخۆشەکانو ئەو پرسە گرنگەی، کە نابێت فەرامۆش بکرێت ئەوەیە، کە تەنیا جووەکانی نەخستە ئەم ووتەزایەوە، ئەو بەو پشتگیرییە گەورەیەی، کە لە ناوەوەو دەرەوەی کۆمەڵگەی ئەڵمانی لێیدەکرا، کەوتە کوشتو بڕی ئەندامانی گرووپە ئاینییەکانو رووناکبیرانی نەیارو سلافو سۆسیالیستەکانو کۆمۆنیستەکان. ٤٥ هیتلەر لە نووسینی کتێبەکەی خەباتی من دا لە باسی جوودا دەڵێت: هیچ کات جیهان شتێکی نە ناسیووە ناوی هونەری جوو بێت، جوو هیچ چاکەیەکی نیە بەسەر هەردوو مونەرە مەزنەکەی(ئەندازیاریو مۆزیکا) و شوبنهر دەڵێت: گەلی هەڵبژێردراو مامۆستای مەزنی هونەری درۆن.٤٦

هەروەها، کەسایەتیەکی وەکو (گۆبلز) لە تێڕوانینی بۆ یەهوودییەکانو لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا، کە ئایا یەهودی مرۆڤە؟ بەم شێوەیە دەنووسێت: ئەگەر کەسێك زللەیەك لە دایکی ئێوە بدات ئایا سوپاسی دەکەن ؟ ئایا ئەوە مرۆڤە ؟ ئەگەر کەسێك ئەم کارە بکات مرۆڤ نییە، بەڵکو ئاژەڵێکە، ئەم یەهودیانە گەلێك شتی ناشیرینیان لە هەمبەر دایکی ئێمە، کە ئەڵمانیا ئەنجام داوە، یەهودییەکان رەگەزی ئێمەیان گەندەڵکردووە، وزەی ئێمەیان دادۆشیوە، دابو نەریتەکانی ئێمەیان گەندەڵکردووە، یەهودییەکان ئەهریمەنی

بەرجەستەکردنی وێرانگەراین.[٤٧] بەم شێوەی نازییەکان ئەفسانەی (پەیوەندی خوێن )یان کردە ئامرازێك بۆ قەڵاچۆکردنی هەموو ئەو لایەنو بەرهەڵستکارانەی ناو رۆڵەکانی رەگەزی ئەڵمانی، فاشیزم نەتەوایەتی سەلبییان تا دوورترین رادە قۆزتۆتەوە، بە ناوی نەتەوایەتیو پاککردنەوەی رەگەزی جێرمانی (ئاری) لە رەگەزی تامۆکان*******[٤٨] وێڕای جوولەکەو مارکسیزمەکان، هیتلەر سلاڤەکانو قەرەجەکانی خستۆتە ریزی جوولەکەوە بۆ پاکسازی کردن، بە رای ئەو جوولەکەو سلاڤەکان مرۆڤ نینو مافی ژیانیان نییە.[٤٩] هەر بۆیە تاوانەکانی نازییەت خۆی دەبینێتەوە لە:

١ـ کوشتنی دە ملیۆن هاوولاتی یەکیەتیی سۆڤیەتو ئاوارەکردنو دەربەدەرکردن وپەکخستنی ملیۆنان کەسیتر.

٢ـ کوشتنو سوتاندنی زیادتر لە دە ملیۆن جوولەکە لە تەواوی ئەوروپادا.

٣ـ بەکارهێنانی جوولەکەو دیلەکان لە تاقیگەکاندا، بۆ دۆزینەوەی دەرمانو چەکی نوێ، کە لە سەر گیانی ئەمان تاقیکردنەوەیان دەکرد.

٤ـ لە داردانی سەدان کۆمۆنیستو پێشکەوتنخوازو رەوانەکردنیان بۆ بەرەکانی جەنگو سەربازگەی زۆرەملێ.

٥ـ دەرکردنو ئاوارەبوونی هەزاران کەسی رۆشنبیرو نووسەرو دانا بۆ وڵاتانیتر بۆ نموونە کەسانێکی وەکو ئەنیشتاین، کە گەورەترین زانای کیمیایی بوو، بە یەکێك لە دوژمنە گەورەکانی نازیەتیش دەژمێردرا، هەروەها برێخت، کە گەورەترین نووسەری شانۆییەو دانەری شانۆی تەجریبییە.. هتد،[٥٠] هەروەها مۆسۆلینی لە کاتی داگیرکردنی حەبەشە (أثیوبیا) هەوڵیدا لە حەبەشەدا سیستمێکی فاشیستی نوێ بهێنێتە کایەوە، بۆیە دەستیکرد بە بۆمبارانو کەڵك وەرگرتن لە گازی ژەهراوی بۆ کوشتنی سەربازانو خەڵکی مەدەنی رەسەن، تەنانەت کوشتاری هەزاران کەس لە خەڵکی ناوچەیی پاش راگرتنی فەرمی جەنگ، لە هەوڵی بۆ داگیرکردنی کیشوەری ئەفریقا لە دروشمە بەناوبانگەکەیدا، کە دەڵێت: ئەفریقا زەوییەکی بێ خەڵك ـ ئیتاڵیا خەڵکێکی بێ زەوی.[٥١] لەمەوە بۆمان روون دەبێتەوە، کە نەتەوایەتی سەلبی نەتەوایەتییەکی ئیمپریالیستی کۆنەپەرستی دەست سوور بە خوێنەو فاشیزم بەرزترین پلەیەتی،[٥٢] هەروەها بەعس لە هەموو روویەکەوە، هەڵگری پەیامو بەرنامەی فاشیستەکان بووە، لە رووی سیاسیو ریکخراوەییەوە، هیچ حزبێکیتری عەرەبی، هێندەی بەعس، لە فاشیزمی ئەوروپاییەوە نزیك نەبووە، هەرچەندە بەعسییەکان دژی ئەوەن بە فاشی ناویان بەریت، ئەوان خۆیان بە هەڵگری پەیامی مرۆڤایەتیو برایەتی دادەنێن، کە ئەمەش زۆر دوورە لە کارو کردەوەکانیانەوە.[٥٣] یەکەم تایبەتمەندی گشتی، کە بەعس لە ناسیۆنالیزم نزیك دەکاتەوە، بریتییە لە ویستنی بەعس بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیۆنال لە سەر

بنچینەی رابردوو.[٥٤] عەفلەقو سەددام حسێن نازناوی وێنەیەکی بچوککەرەوەی نەتەوەی عەرەبو رۆحی یەکەمی عەرەب دەدەن بە پارتی بەعسو وامان تێدەگەیەنن، کە بەعس بێ هیچ مەرجێك هەڵبژێردراوە بۆ ئەوەی عەرەب لە تێکچوونو هەڵوەشاندن رزگاربکات، ناسیۆنال سۆسیالیزمیش حزبی نازی دەکرد بە جەوهەری رەگەزی ئەڵمانو بزووتنەوەکەی سەپاند بە سەر میللەتی ئەڵماندا وەك رزگارکەرێکی ئەم رەگەزە، کە ببوو بە قوربانیی ئەم تێکشکاندنە.[٥٥] لە زۆر حاڵەتدا دەکرێت گرنگترین کارەکتەرو سیفاتە سایکۆلۆجییەکانی دەسەڵات لە یەك کەسدا بەرجەستە ببێت، کە ئەمەش بە روونی دەردەکەوێت لە رەفتارو رەوشتو هەڵسوکەوتی زۆر لە کەسایەتییەکان لە مێژوودا، کە گەیشتونەتە دەسەڵاتو مۆرکی سایکۆلۆجیایی عەقڵی خۆیانیان پێ بەخشیووە، دیارترینییان لە چەرخی نوێدا مۆسۆلینی لە ئیتاڵیاو هیتلەر لە ئەڵمانیاو ستالین لە یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو فرانکۆ لە ئیسپانیاو سالازار لە پرتوگالو سەددام حسێن لە عێراق.. هتد.[٥٦] رژێمی عێراقی، بەعس، هەر وەکو ئەڵمانیای نازی، کردەوەکانی لە ناو رستەی شیریندا دەشاردەوە، لە کاتێکدا، کە لێپرسراوە نازییەکان باسی کاری جێبەجێکردنو کاری تایبەت، هەروەها نیشتەجێکردن لە رۆژهەڵاتدا دەکرد، بەعسییەکان بیرۆکراتەکان باسی ئیجرائاتی بە کۆمەڵو گەڕانەوە بۆ رێزی نیشتمانیو نیشتەجێکردن لە باشووردا دەکرد، بەڵام لە ژێر ئەم رستە شیرینانەدا، تاوانەکانی عێراق لە دژی کوردەکان دەگاتە ئاستی جینۆساید******** ویستی لە ناوبردنی گرووپێکی نیشتمانی، نەتەوەیی، رەگەزیی، یان ئایینی، جا هەمووی بێت، یان بەشێکی.[٥٧]

ئەنفالو تراجیدیاترین رووداو

ئەنفال وشەیەکی عەرەبییە، کۆی (نفل)ە، کە بە واتای غنیمە دێت، لە رووی زاراوەییەوە، ئەنفال واتای زیادە دەگەیەنێت، کەواتە پێناسەی دەستکەوت ئەو ماڵو سامانەیە، کە بە شەڕ لە موشریکان دەسەندرێت، زانایانی ئیسلام بۆ واتای ئەنفال بۆچوونیان وایە، کە بریتییە لەو ماڵەی، کە دەست موسوڵمانان دەکەوێت لە خەڵکی شەڕکەر، کە جەنگاوەرانی موسڵمان لە شەڕدا بە دەستی دەهێنن، لە بێ بڕواو موشریکان، لەگەڵ ئەوەشدا لە پێش ئیسلام ئافرەتیشی دەگرتەوە، کە دەکرانە جاریە،[٥٨] بەڵام ئەنفال لای گەلی کوردو لە فەرهەنگی ئێستای کوردەواریدا، واتایەكو تێگەیشتنێکی تەواو جیاوازی هەیە، ئەو واتایەش لەو شاڵاوە سەربازییە پڕ تراجیدیایەی رژێمی بەغداوە سەرچاوەی گرتووە، کە ساڵی ١٩٨٨ دژ بە خەڵکی بێ تاوانی ناوچەکە لە هەشت قۆناغی جیاوازدا بە فەرمانو سەرکردایەتی دەسەڵاتدارانی بەعس ئەنجامدرا،[٥٩] چونکە سەددام حسێن ئەم ناوەی هەڵبژارد بۆ ئەو زنجیرە هێرشو پەلامارانەی، کە لە ماوەی شوباتو ئەیلولی ١٩٨٨ کردیە سەر ناوچەکانی کوردستانو خەڵکەکەی بێ سەرو شوێن کردو سەروەتو سامانیشی بە تاڵان بردن، لەگەڵ ئەوەشدا جیهانی عەرەبیو ئیسلامی بەوە چەواشە کرد،

کە ئەوان هەڵگری پەیامی ئیسلامنو دژی بێ باوەڕو ئاگرپەرستی دەوەستن،٦٠ بەڵام ئەنفال چەند دەستدرێژیی بووبێت بۆ سەر گەلی کورد هێندەش دەستدرێیی بووە بۆ سەر قورئان، هەروەکو نووسەری کورد بەختیار عەلی دەڵێت: گێڕانەوەی ئۆتۆماتیکی ئەنفال بۆ ئایینو فکری دینی نەوەکو خۆ دزینەوەیە لە خوێندنەوەی بەعس، بەڵکو گواستنەوەی گوناهەکانی بەعسە بۆ ملی ئایین، کە لە جەوهەردا ئایین خۆی یەکێك لە قوربانی یەکانی بەعسە.٦١ ئەوەی بەعس کردی هەر بە تەنها بۆ لە ناوبردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد نەبوو، کە خۆی لە حزبەکاندا دەبینییەوە، لە راستیدا کەمترین پێشمەرگەیو چەکدار بەر شاڵاوەکە کەوتن مەگەر ئەوانەی خۆیان دایە دەستەوە، یان ئەوانەی رێگای دەرچوونیان نەما، پێشمەرگە توانیان بە ئاسانی خۆیان لە شاڵاوەکانی ئەنفال دەرباز بکەن ئەوەی بەرکەوت خەڵکە سڤیلو بێ چەکەکە بوو بۆیە ناکرێت بڵێین کردەی ئەنفال بە تەنیا کردەیەك بووە لە دژی پێشمەرگە، بەڵام لە بنەڕەتدا رژێمی بەعس بۆ بە تەواوەتی هەڵتەکاندنی رەگو ریشەی کورد، هەوڵی تەواوی سڕینەوەی ناوچە ئازادکراوەکانی دا.٦٢ بە بڕوای حزبی بەعس کورد دەبێت لەناوببرێت، بۆ ئەوەش پرۆژەی تۆکمەو فرەوانی هەبوو، رەنگە لە ساتی هاتنە سەر حوکمی کاری بۆ جینۆسایدی کوردو قڕکردنی کردبێت، بەڵام بە هۆی ملهوڕی خۆیو گیرخواردنی بە دەست جەنگە یەك لە دوا یەکەکانیەوە هەلی بۆ نەڕەخسا بێت،.٦٣ بەڵام دەبێت ئەوە بزانین، ئەگەرچی مێژوو گەلێک نموونەمان دەربارەی هەوڵی تواندنەوەی نەتەوەو گەلانی دنیاو تەفروتونا کردنیان بۆ دەگێڕێتەوە، بەڵام بە دەگمەن نموونەیەك دەبینینەوە، کە نەتەوەیەك لە نەتەوەیەکیتردا توابێتەوەو خاسیەتە تایبەتییەکانی خۆی لە (زمانو کەلەپورو فەرهەنگ) لە دەست دابێت.٦٤ سەرەتای قەسابخانەی ئەنفال لە ٢٩ی ئاداری ساڵی ١٩٨٧ دەستی پێکرد کاتێك (عەلی حەسەن مەجید) بەرپرسیارێتی ئەمین سڕی نووسینگەی رێکخستنی باکووری حزبی بەعسی وەرگرتو ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بە پێی بڕیاری ژمارە ١٦٠لە لە ٢٩ ی ئازاری ١٩٨٧ دەسەڵاتێکی رەهای لە کوردستان پێ بەخشی.٦٥ ئەنفالی سەددامییانەی بەعسیانەی نازییانە، بە تەنها یەك شاڵاو نەبوو، بەڵکو هەشت شاڵاو بوو، ئەم شاڵاوانە لە مانگی شوباتەوە دەستیان پێکردو لە مانگی ئەیلوولی هەمان ساڵ، واتە بە درێژایی شەش مانگ بەردەوام بوو، تیایدا دەسەڵاتدارانی زۆردار هەموو جۆرە چەکێکی تەقلیدیو کیمیاییان بەکارهێنا، کە لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی قەدەغەکرابوون٦٦ ئەوەبوو، لە سەرەتای مانگی سێدا (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) بە گەورەترین هێرش، لە دۆڵی جافایەتیدا، کە لە دەریاچەی دووکانەوە درێژ دەبێتەوە، بەرەو رۆژهەڵاتی باشوور، دەستپێکرد، لە ماوەی چەند سەعاتێکدا دەستیان گرت بە سەر دەیان رەبیەی بچوكو سەدان دیلیشیات گرت، دژە کرداری حکومەت، زۆری نەخایاند، لە سەرەتادا حکومەت گوللە تۆپی کیمیایی بەکارهێنا، هەتاوەکو ئەم کاتەش، هەرگیز هیچ حکومەتێك چەکی کیمیایی دژی دانیشتووانە سیڤیلەکەی خۆی بەکارنەهێنا بوو.٦٧ تەواوی ئەو مەرامانەی لە قۆناغەکانی سەرەتای شەڕی عێراق لەگەڵ کورددا لێیان بە نیازبوون، لە ساڵانی ١٩٨٧ ـ ١٩٨٨ داو لە

کۆتاییەکانی جەنگی نێوان ئێران ـ عێراق دا گەیشتە ترۆپك‌و ئەوپەڕی، کە ئەویش (ئەنفال) بوو.٦٨

رژێم لە نەخشەو پلانێکی نوێی دیکەدا، کە هەموو کوردستانی گرتەوەو پێی وابوو، کە کورد بەرەو کۆتا دەبات، چەکی کیمایی بەکارهێنا، بەوەش سەددام حسێن سنووری ئەڵمانەکان‌و بەریتانییەکانی لە شەڕی یەکەمی جیهانی‌و هەروەها ئەمریکییەکانی لە شەڕی دووەمی جیهانی بەزاند،چونکە ئەوان چەکی ئیبادەی جەماعیان بۆ گەلانی‌تر بەکارهێنا، کەچی سەددام بۆ گەلێکی بەکارهێنا، کە رەگەزنامەی عێراقییان هەڵگرتبوو.٦٩ لە نێوان ساڵانی ١٩٨٧ ـ ١٩٨٨ دا هێزەکانی سەددام حسێن چەند هەزار گوندو قۆخی، کوردییان وێرانکردو نزیکەی سەد هەزار کوردیان کوشت، زۆربەی هەرە زۆریان بێ چەك بوون‌و زۆربەشیان منداڵ‌و ژن بوون.٧٠ لە ١٥ ی مانگی ٣دا یەکێتی نیشتمانی کوردستان‌و هێزەکانی ئێران شاری هەڵەبجەیان داگیرکردو هێزە عێراقییەکانیان وەدەرنا، هەڵەبجە شوێنێکی گرنگ بوو، چونکە نزیك دەربەندی خان هەڵکەوتبوو، کە کۆنترۆڵی ئاوی بۆ پایتەخت دەکرد، لە ١٦مانگدا عێراق شارەکەی بە کۆکتێلی کیمیایی بۆردومانکرد.٧١ بۆردومانکردنی هەڵەبجە گەورەترین کارەساتی جەنگی پاش لێدانی هێرۆشیماو ناکازاکی بوو، کە لە کاتێکی کەمدا بە هەزاران مرۆڤ بوون بە قوربانی‌و بە دەیان هەزاریش بریندار بوون.٧٢ ئەو گازانەی لەم هێرشەدا بەکارهاتن بریتیین لە:

١ـ گازی خنکێنەر (فوزوجین): گازێکی بێ رەنگ‌و بۆنی گیاو سەوزەی تازەی لێ دێت‌و ماوەی کارتێکردنی زۆر بە زووی دەبێت.

٢ـ گازی خوێن (سیاند ـ ئیدرۆژین ـ کلوراید ـ سیانۆژین): بۆنی بادەی تاڵی لێ دێت.

٣ـ پۆرگ هێنەر (خەردەل ـ ئەرسیگەکان ـ گازەکانی پێوەدەر): گازێکی ووشکەو بۆنی سیری لێ دێت.

٤ـ ئەعساب (سارین ـ سومان): گازێکی ئاوەکییە، بۆنی شێوەی میوەیە ئەگەر خاڵس بێت بۆنی نییە. ٧٣ بە گوێرەی شایەتحاڵێکی ئەفسەری هێزی ئەسمانی، سەددام لە کاتی هێرش بۆ سەر هەڵەبجە، هاتە بارەگایەك لە بەرەی دواوەی جەنگ، دوایی چووە سلێمانی تەلەفۆنی بۆ سوپای عێراق کردو ووتی: ئێمە سەردەکەوین، سەددام لە بەرامبەر کوردەکان ووتی: دەبێت بە چەکی کیمیایی لێیان بدەین.٧٤

پاش ئەم بۆردومانە ئێران بە هانای قوربانییەکان هات‌و رۆڵێکی بەرچاوی بینی لە رزگارکردنی ژمارەیەکی زۆر لە بریندارو گەیاندنی وێنەی ئەم کارەساتە گەورەیە بە جیهانیان، بڵاوبوونەوەی ئەم وێنانە هەموو جیهانی هەژاند، بەڵام رژێم‌و ناوەندە

عەرەبییەکان هەوڵیان دەدا، کە بۆردومانکردنی هەڵەبجە بە درۆ لە قەڵەم بدەن، یان بۆردومانکردنەکەی بخەنە ئەستۆی ئێران،[٧٥] هەروەها کاتێکیش لیژنەیەکی نەتەوە یەکگرتووەکان نێردرا بۆ لێکۆڵینەوە لە بەکارهێنانی عێراق بۆ چەکی کیمیایی لە جەنگەکەیدا دژ بە ئێران، ئەمەیان بە لایەن ئێرانیەکانەوە دووپاتکردەوە، بەڵام بەکارهێنانی دژی میللەتی کورد وتیان (مەسەلەیەکی ناوخۆییە)ئەم شێرو رێویەو درۆو دەلەسەیە هەمووی سازکرا بۆ شاردنەوەی کارەساتی خوێناوی شاری هەڵەبجە، کەواتە سەددام چۆن دەوەستێ کاتێك رۆژئاوا بەردەوام بێت لە ناردنی چەکی کیمیایی بۆ لە بەرمبەر (پیترۆ دۆلار) دا.[٧٦] پرۆفیسۆری ئیتاڵی(لینگوسینکو) داوای کرد کە پێویستە ناوی رۆژی جیهانی بۆ قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی بە رۆژی بۆردومانکردنی هەڵەبجە بنرێت.[٧٧] ئەنفال واتای کۆتای هێنان بوو بە ژیانی ١٨٢ هەزار کەس لە منداڵو ئافرەتو پیرو گەنج بە ناشرینترینو دڕندانەترینو ترسنۆکانەترین شێوە، چونکە ئەم مرۆڤانە لە گۆڕەپانی شەڕو پێکداداندا بە دیل نەگیرانو سەنگەر گر نەبوون، هەر بۆیە ئەنفال خاڵێکی رەشە بە ناوچەوانی رژێمی بەغدادوەو تاقیکردنەوەیەکی مرۆڤایەتیشە.[٧٨]

فاشیزمو بەعسیزم لە ئەگەرەکانی سەدەی ٢١دا:

پاش تەواوبوونی شەڕی دووەمی جیهانیو کۆتایی هێنان بە حکومەتە فاشیستەکانی ئەڵمانیاو ئیتاڵیا، سەرکەوتنی بەرەی هاوپەیواتان بەسەریانداو، داگیرکردنی وڵاتەکانیان لەلایەن هاوپەیواتانەوە، زۆر کەس لەو باوەڕەدا بوو، کە جارێکی تر فاشیستەکان ناگەڕێنەوەو تەمەنیان بەسەر چوو، دیارە ئەم قسانە راست دەرنەچوون،[٧٩] چونکە، پاش شەڕ، هەرچەندە پارتی نازیستانەو فاشیستانەی ئەڵمانیاو ئیتاڵیا قەدەغە کران، بەڵام بزافی نازیستانەو فاشیستانە لەو دوو وڵاتەو لە وڵاتانی دیکەش سەریان هەڵدایەوە، لە هەمووان سەرکەوتوتر نوێفاشیستانی ئیتاڵیا بوون، ئەم حزبە خۆی ناو نا بزافی جفاکیی ئیتاڵیا MSI لە ساڵی ١٩٩٤ ەوە خۆی ناوناوە هاوپەیمانی میللی دامەزرێنەرانی ئەم حزبە، لە کۆمارە فاشیستانەکەی باکووری ئیتاڵیا دا، هاوکاری مۆسۆلینی بوون، لەبەر ئەو قەدەغەیەی لە سەریانە ناچارن خۆیان بە حزبێکی دیموکرات بناسێنن.[٨٠]

لەگەڵ دەستپێکردنی سەرەتاکانی سەدەی بیستو یەکدا، جیهان بەشێوەیەکی گشتی، بەناوبانگترین دیکتاتۆری ئیتاڵی وەبیر هاتەوە، لە رێگەی زنجیرەیەك رووداوو هەڵوێستو جەنگی سیاسییەوە، کە وایان کرد مۆسۆلینیو ماوەی فەرمان رەوایەتییەکەی بخاتەوە بەر تیشکی رۆژانی سەردەم، لە ئیتاڵیاو دەرەوەی ئیتاڵیاش گفت وگۆوو دیالۆك زۆر زیادی کرد، لەمەڕ ئەو دیکتاتۆرەی، کە دەیویست لە سەدەی بیستدا ئیمپراتۆرییەتی رۆمانی کۆن زیندوو بکاتەوە.[٨١]

فاشیەکان هەر لە جەنگی جیهانی دووەمەوە ئەمریکای لاتینیان کردۆتە پەناگەی حەسانەوەیان، هەر کاتێك بارودۆخ ناچاریان بکات لە سنوورەوە دەپەڕێنەوە وڵاتێکیتر، لە توێژینەوەیەکدا، کە ئاژانسی فرانس پرێسسازی داوە هاتووە، کە ئەو چل هەزار نازییەی، کە لە باشووری کیشوەری ئەمریکای لاتین بە (شیللیو پاراگوایو ئەرجەنتینو بەرازیلو پۆلیڤیا) بڵاوبوونەتەوە، لە ناوچەی کوردیا، قرطبە، کە کۆلۆنیاڵێکی گەورەی ئەڵمانیایەو دەکەوێتە سەرووی پایتەختی ئەرجەنتینەوە، کە ناوی خۆیان ناوە لاوانی هیتلەری ئەرجەنتینی هەر لەوێدا سەربازگەی مەشق کردنیان دامەزراندووە.٨٢

نوێفاشیستی بە دوو شێوە خۆیان رێکخستو گوزارشتیان لە خۆیان دەکرد، فاشیزمی نوێی ئایینیو فاشیزمی نوێی سیاسیو بە تایبەتی نەژادپەرستی توندڕەو بوو،هەمووشیان بڕوایان بەوەیە، کە ئەو کارانە لە خزمەتی نەتەوەکەی خۆیاندا ئەنجام دەدەن، بەڵام تەواوی بزافە نوێفاشیستەکانی ئەمریکاو ئەوروپا، وەکو فاشیزمو نازیزمی جەنگی جیهانی دووەم، خاوەنی برنامەی گشتیو هەنگاوی سیاسی دیارو ئاشکرانینو زۆر جاریش لەم مەسەلەی نەتەوەیدا ناجێگیرن.٨٣

فاشیستە نوێیەکان ئەمڕۆ زیاتر هەموویان بە دژایەتیکردنی بێگانەو جوولەکەو ئیسلامەوە خەریکن، ئەم باسانە بووەتە پەیڕەوی سەرەکیو بنەڕەتییان، لە هەمان کاتدا حزبی سیاسیشیان هەیەو لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری دەکەن ولە زۆر وڵاتیش حوکم دەکەن وەك نەمسا حزبی هایدەر، لە ئیتاڵیاش بەرەیفۆرسا لە ئیتاڵیا پێکهاتووە لە برلسکۆنیو پارتی فاشیستی ئیتاڵیا فینیو بەرەی باکور بۆسسی هەروەها زۆریان لە پەرلەمانی ئەوروپادا بەشدار بوون، وەکو لۆپێنی فەرەنسی، کە لە ساڵی ٢٠٠٣ دووەمین پلەی هێنا لە هەڵبژاردنەکانی فەرەنسادا.٨٤

تەواوی نوێفاشیستەکانی ئەوروپا دیدگای (ئەوروپا بوون) ی باڵاو توندڕەویان هەیە، ئەوان نەك تەنها دژایەتی کۆچبەرانو بێگانەکانی جیهانی سێیەم دەکەن، بەڵکو لە بەرامبەر ئەمریکاییەکانیش هەمان هەڵوێستیان هەیە،هەروەها بەو پەڕی هێزیانەوە دژایەتی رەگەزی سلاڤی دەکەنو یادەوەری سەردەمی هیتلەرو نازیزم لەم زەمینەدا دەژێننەوە،وە هەوڵیش دەدەن نەمسا بخرێتەوە سەر ئەڵمانیا.٨٥

ساڵی ٢٠٠٦ ناوەندی سویسری پەنابەران، لە سویسرا ١٠ لەو مەلەفە بەناوبانگانەی ئاشکرا کرد لە نێو ئەو ٤٤٠ هەزار مەلەفە بەناوبانگەی، کە ماوەیەکی زۆر بوو کەوتبوونە ژێرەوەو دیار نەمابوون، ئەم مەلەفانە زۆرێك لە وێستگەکانی ژیانی مۆسۆلینی یمان بۆ ئاشکرا دەکەن، هەروەها ئەو رێو شوێنو هۆکارانە ئاشکرا دەکەن، کە بۆچی داوای پەنابەری کردووە، هەڵسو کەوتی دەسەڵاتدارانی پەنابەران چۆن بووە لە گەڵیدا لە سەرەتاکانی سەدەی رابردوودا ئەوەی، کە زۆر گرنگە، کە مەکتەبی راپۆرتی

پۆلیسی نهێنی هەرێمی جنێف ئاشکرای دەکات،ئەوەیە، کە مۆسۆلینیو لینین بە دوو گوتار بێژی زۆر درەوشاوەو بەهێز وەسف دەکات.[٨٦]

هەر لە ساڵی ٢٠٠٦ دا دوو سەد هەزار سەرباز وەك خۆبەخش خۆیان بەخشی بۆ پارێزگاریکردن لە مۆسۆلینی، لە ناو ئەمانەدا هەبوو خاوەن پلەو پایەی بەرزو گەورەبوو هەروەها هەندێك جەنگاوەری كۆن بەدی دەكران لەوانەی، كە لە جەنگەكانی پێشتردا بەشدارییان كردبوو،ئەم هەنگاوە بووە هۆی توڕەبوونی هەندێك لە ئیتاڵیەكان، بەڵام لە بەرامبەردا سەرۆك وەزیرانی پێشوتری ئیتاڵیابرلسكۆنی، كە پارتەكەی هاوپەیمانی پارتی توندڕەوی راستڕەو بوو، كە ئەلیساندرا ی نەوەی مۆسۆلینی سەركردایەتی دەكرد، رایگەیاند ئەم هەنگاوە یارمەتی دەرێكی باشە بۆ بەرژەوەندی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی.[٨٧] ئەمڕۆ لە تەواوی ئەوروپادا، فاشیستەكان لە گەشەسەندنو پێشكەوتنێكی بەردەوامدان، جگە لە یۆنان،ئیسپانیا،پورتوگال،قوبرس لە هەموو پەرلەمانو حكومەتەكانی ئەوروپادا فاشیستەكان ئەندامیان هەیە، لە ولایەتەكانی رۆژهەڵاتی ئەڵمانیا، رێژەیەكی زۆریان هێناو چوونە پەرلەمانی ولایەتەكانەوە، بەڵام هێشتا نەیانتوانیوە بێنە ناو پەرلەمانی ئەڵمانیاوە لە بەرلین، بەڵام ئەگەر وا بڕوات ئەوا بە دڵنیاییەوە لە ماوەی چەند ساڵی داهاتوودا دێنە ناو پەرلەمانو حكومەتی ئەڵمانیاوە.[٨٨] هەرچەند پێشووتر نازیزمو فاشیزم نەیانتوانی بوو بچنە وڵاتانی ئەسكەندەنافیا، سوید، فنلەندا نەرویج،[٨٩] بەڵام لەم ساڵانەی دوایدا لە سوید پارتە فاشیستەكان توانییان رێژەیەكی باش دەنگی خەڵكی بهێننو بچنە ناو پەرلەمانەوە.[٩٠]

لە مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٠٧ جارێكیتر جیهان سەرسام بووەوە بە سەرهەڵدانەوەو پەیدابوونی مۆسۆلینییەكی نوێ، بەڵام ئەمجارە لە رێگەی جەنگێكی ئاگراوی دیالۆگی لە نێوان نەوەیەكی مۆسۆلینیو موعەمەر قەزافی سەرۆكی لیبیا، كە موعەمەر قەزافی رایگەیاند پێویستە لە سەر ئیتاڵیا، كە قەرەبووی ئەو زیانانە بكاتەوە، كە لیبیا بەری كەوتووە لە كاتی داگیركاری مۆسۆلینی باپیریدا، لە بەرامبەردا ئەلیساندرا وەڵامی دایەوەو ووتی: پێویستە ئێوە قەرەبووی ئێمە بكەنەوە، چونكە داگیركارییەكەمان پۆزەتیف بووەو فاشییەت دیموكراسیو رێگاوبانو شوێنی نیشتەجێبوونو قوتابخانەی بۆ گەلی لیبیا هێنا بوو،[٩١] هەروەها لە ٩ی ٤ی٢٠٠٣، سەرئەنجام ساتی حەقیقەت، لەوپەڕی درەوشانەوەیدا، لە رۆژهەڵات خۆی دەرخست، كە دڕندەترین دەوڵەتو دەسەڵاتی سیاسیی ئەم سەردەمە، دەوڵەتی بەعس، بە خۆیو هەموو دەزگاكانییەوە هەرەسیان هێنا، عێراقی دوای بەعس، لە هەر شتێك دەچێت وڵاتو دەوڵەت نەبێت، رژێمی بەعس بە جۆرێك كۆمەڵو دەوڵەتو هەموو دەزگاكانی دەوڵەتی بە خۆیەوە بەستبوونەوەكە دوای رووخانی خۆی، عێراق وەك بۆشاییەكی سیاسیو ئیداری، وێنەی وێرانەیەكی گەورەی ماددیو رۆحی بەجێهێشت،[٩٢] لەگەڵ ئەوەشدا رژێمە شمولییەكانی ناوچەكە كەوتوونەتە پیلان دانان بۆ سەرنەكەوتنی ئەو ئەزمونە نوێیەی گەلانی عێراق نیازیانە لە عێراقی نوێدا بیگرنەبەر.[٩٣]

ئێستا ناسیۆنالیزمی پان ـ عەرەبی شکستی هێناوە، بەڵام ئەو بەها ئەخلاقیو سیاسیانەی، کە ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەسەردەمی فاشیزم ئینجا بەعس لە ناو گیانی نەوەی نوێی عێراقدا چاندنی هێشتا لە هەندێ ژینگە دا بەردەوامن، لە ناو هەندێ ژینگەدا هێشتا کاریگەرنو لەوانەیە لە داهاتوودا لە ژێر ناوی دیکە کار بکەنو بیانەوێ رەورەوەی مێژوو بەرەو دواوە بگێڕنەوە، چونگە ئەو کلتوورەی، کە بۆ ماوەیەکی دووروو درێژ بڵاویان کردەوە لە ناو گیانی زۆرێك چەقی بەستووەو وا بە زووی دانامرکێتەوە.[٩٤] لە ساڵی ٢٠٠٣و لە دوای رووخانی رژێمی دیکتاتۆریی پێشووەوە هەتاوەکو ئێستا ئێمە لە بارەی ریسواییەکانی ئەو پارە دزینانەوە دەبیستین،و دەخوێنینەوە، کە لە عێراقداو ناوە ناوە دێ، لەلایەن هەندێ لە بەرپرسانی گەروەی عێراقەوە ئەنجام دەدرێن، کە لە وەهمی ئەوەدا دەژین، کە هێشتا رژێمی سەرکوتکەر ماوە،گەندەڵی لە هەموو جیهان هەیە، بەڵام بە رێژەی جیاواز، لە عێراقدا گەندەڵی کارگێڕی گەیشتۆتە رێژەیەکی زۆر بەرز، ئەوەی ئەمرۆ لە عێراقدا روودەدات شتێکی نوێ نییە بۆ بەرپرسانی عەرەب.[٩٥] دەربارەی کوردیش لە دوای روخانی رژێمی بەعس، بریاری ٦٨٨ ی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بڕیارنامەکە گوزارشت لە پاراستنی بەشێك لە دانیشتوانی باشووری کوردستان لە چوارچێوەی هێڵی ٣٨ دەکات،و بەرامبەر بە ١٣% لە داهاتی نەوتی عێراق.[٩٦]

لە دوای دارمانی رژیمی بەعس لە ٩/ نیسانی ٢٠٠٣ هەلو مەرجو بارودۆخێکی نوێ هاتە کایەوە، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی سیاسی عێراق دەرفەتێکی لەبار درایە دەست پێکهاتە سەرەکیەکانی عێراق، بۆ ئەوەی لە سەر بنەمای دیموکراسیەتو رێزگرتن لە مافەکانی یەکتر، چارەسەری گرفتەکانی ئەم وڵاتە بکەنو کۆتای بە هەموو ئەو تەنگەژەو قەیرانانە بهێنن، کە عێرا قبە درێژای چەندین ساڵە تێیکەوتووە، بەڵام بەشێکی زۆر لایەنی عەرەبی عێراقی بە هاندانو پاڵپشتی دەڵەتە دراوسێو عەرەبیەکان وەك (تورکیاو عەرەبستانی سعوودیو سوریا ) بە پاساوو بیانووی جۆراو جۆرەوە چوونەتە ناو بەرەی دژایەتیکردنی پرۆسەی سیاسیو پیادەکردنی سیستەمی فیدڕاڵی.[٩٧]

هەر لەبەر ئەوە فاشیزم لە رۆژهەلات بەشێوەیەکی تر دروست بووەو تەشەنەی کردووەو دەتوانین بڵێین میتۆدی فاشیزم بۆ یەکەم جار لە رۆژهەڵات لە لایەن ئەو خێڵانەوە بە کارهێنرا، عەلی وەردی دەڵێت: مرۆڤی عەرەبی نانی لە کشتنو پەلامارادا دەست دەکەوێت، کشتوکاڵو بازرگانی لای خێڵە عەرەبیەکان شەرم بوو.[٩٨]

نموونەی ئەو خێڵانەش لە عەرەبستانی سعودییە، کە لە ناوچەی نەجد خێڵی ئەلسعوود دەژیان، ئەم خێڵە دژی شەریفی کوڕی حسێن بوونو شەڕیان لە نێواندا بوو، بەریتانیەکان کەوتنە یارمەتیدانی ئەم خێڵەو توانیان ناوچەی حیجاز داگیر بکەنو توانیان دەوڵەتێك دروست بکەنو ببنە فەرمانڕەوای ئەو ناوچانە، دەوڵەتەکەشیان ناو نا سعوودیا، هەر بە ناوی خێڵی ئەلسعوودەوە.[٩٩]

د.محەممەد بازیانی بەڕێوەبەری ناوەندی هودا بۆ توێژینەوەی ستراتیجی دەربارەی گرتنی بەعسیەکان وتی: نووری مالیکی لە شێوازی دەستگیرکردنی پاشماوەی بەعسیەکان لە عێراق هەڵەی کرد لە ئاشکرا کردنی لە دەزگا ڕاگەیاندنەکانەوە، دکتۆر بازیانی لە قسەکانیدا ووتیشی، کە سەدام حسێن زیرەکانەتر بووە، لە هەوڵی دەستگیرکردنی ئەو کەسانەی لە هەوڵی کودەتا بوونە لە دژی.١٠٠ ئیتر لە ئەنجامی نووسینی ئەم بابەتەماندا دەگەینە ئەو بڕوایەی، کە ڕاسیزستان لە هەر کوێ بن لە بەرهەمی دەستیاندا هەمان بەد بەختی لە وێنەی هۆڵۆکۆستو ئەنفال بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە دیاری دێنن .

ئیتر ئایدۆلۆجیای بەعسو پان ـ عەرەبیزم لە زۆربەی دەوڵەتە عەرەبیەکاندا بە شێوەیەك لە شێوەکان لە برەودایەو نموونەی زیندوشمان ئێستای سوریای بەشار ئەسەدە، کە تیایدا نەتەوە نا عەرەبەکان کەوتوونەتە بەر شالاوی توندی ڕژێمی بەعسی فاشییەوە، کە بە یارمەتی چەند دەوڵەتێکی زلهێزی جیهان لە کارەکانی بەردەوامە وەك دەوڵەتانی (ڕووسیاو چینو ئێران تا ڕادەیەکیش عێراقی هاوڕێ کۆنەکەی) سووریا ئێستا بە گرنگترین ڕووداوەکانی مێژووییدا تێپەر دەکات، کە تیایدا نزیکەی دوو ساڵە، کە خۆپیشاندانی تێدایە بە ئامانجی رووخانی ڕژێمی بەعسو بە دیهێنانی دیموکراسیەت لەو وڵاتەدا **********

پەراوێز:

*ئەرنست ژرزێف رینان ١٨٢٣ ـ ١٨٩٢: فەیلەسوف، سیاسەتمەدار، زمانناسو مێژوونووسو مامۆستای ئیلاهیاتو دێرینەناسی فەرەنسییە، ساڵی ١٨٦٢ پرۆفیسۆری زانکۆو ساڵی ١٨٨٧ ئەندامی ئەکادیمای فەرەنسا بووە، بەناوبانگترین نووسینی ئەو دەربارەی نەتەوایەتی سیمینارە گرنگەکەی بوو لە زانکۆی سۆربۆن بە ناونیشانی نەتەوە چییە؟ سەرچاوە: ئەکرەمی میهرداد، ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاری، تیۆری، رەخنە) ب، چ، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك) سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ١٣٥

**پێناسەی نەژادپەرستی: کۆمەڵە خەڵکێك، کە لە شوناسو چارەنووسی پشت بەستراو بە بابەتە ریشییەکانی وەك پەیوەندی خێزانی، نەریتەکان، کلتوورو فۆلکلۆرو لە مێژوو زماندا هاوبەشن، بیرۆکەی نەژادی بۆ لێکجیاکردنەوەی گروپە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگە سەری هەڵدا، ئەم نەژادگەراییە کێشەدارە. سەرچاوە: ئەلیکس تامسون، و: هیوا مەجید خەلیل، سیاسەت لە ئەفریقادا، چ١، چ، خانی، دهۆك، ٢٠١٠، ل ١٠٠

***ئەدۆلف هیتلەر: لە ساڵی ١٨٨٩ز لە شاری برونو، کە شارێکی سنوورییە دەکەوێتە نێوان نەمساو ئەڵمانیادا لەدایکبووە، کە هیتلەر بۆ خۆی لە کتێبی خەباتی من دەڵێت: خۆشبەختانە لە برونو چاوم بە دنیا هەڵهێناوە، ئەو شارە بچووکەی ئەکەوێتە سەر سنووری نێوان نەمساو ئەڵمانیا، باوکی فەرمانبەری گومرگ بووە، لە تەمەنی سیانزە ساڵیدا باوکی دەمرێتو لە تەمەنی پانزە ساڵیشدا دایکی دەمرێت، پاشان ناچار بوو کاربکاتو رووبکاتە نەمساو پاش ماوەیەك گەڕایەوەو پارتی کرێکارانی نیشتمانی سۆسیالیستی ئەڵمانی (NSDAP) دروستکرد لە ساڵی ١٩٢٠، کە بەرنامەیەکی ٢٥ خاڵی بۆ دانا پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٢٣ دەگیرێتو لە زینداندا کتێبێکی بە ناوبانگ دەنووسێت بە ناوی خەباتی من، کە باسی وردەکارییەکانی حزبەکەی دەکات، پاشان ئازاد دەکرێتو لە ساڵی ١٩٣٣ دەبێت بە سەرۆك وەزیرانو لەو پۆستەدا مایەوە تا جەنگی دووەمی جیهانی، کە ئەڵمانیا دووچاری شکست هاتو لە ٨ی ئایاری ١٩٤٥ هیتلەرو ژنەکەی خۆیان کوشت. سەرچاوە: د.مەهدی مەحفوز، و: شوان ئەحمەد، فاشیزمو نازیزم، گۆڤاری سەردەم، ژمارە ٥٧، زستانی ٢٠٠٨، ل ٢٠٦

****میشێل عەفلەق: لە ساڵی ١٩١٢ لەدایکبووە، لە خێزانێکی دیانیی لە ئاینزا (مەزهەب)ی ئەرسەدۆکسی یۆنانی لە دیمەشق هاتۆتە دنیاوە، کە باوکی بازرگان بووەو مووچەکەی ژیانێکی ئاسودەو زۆر بەختەوەری بۆ خێزانەکەی مسۆگەر نەکردووە، لە رووی سیاسییەوە باوکی نیشتمانپەروەرێکی بە جۆش بووەو هەر لە دامەزراندنی کوتلەی نیشتمانی لە ساڵی ١٩٢٨ ئەندام بووە تیایداو لە قۆناغی جیاوازدا چەند جارێك گیراوەو لە لایەن تورکو فەرەنسییەکانەوە ئەشکەنجە دراوە، دەتوانرێت بوترێت، کە دایکیشی رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە بە سیاسەتو بە شێوەیەکی گشتی باوەڕێکی زۆری هەبووە بە ناسیۆنالیستی عەرەبی، لەوانەیە هەر لە منداڵییەوە میشێل عفلەق کاریگەری بیروڕای باوكو دایکی زۆر لە سەر بووبێتو واهاتبێت لە سەر بیری ناسیۆنالیستی عەرەبی پێش ئەوەی ببێت بە کەسایەتییەکی سیاسی گرنگ. سەرچاوە: د. ئەلبێرت عیسا: خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی مێژوویی، چ١، ب. چ، چاپخانەی روون، ب. ش، ٢٠٠٤، ل ٢١ + ٢٢

*****سەلاحەددین بەیتار: (١٩١٢ ـ ١٩٨٠) لە خێزانێکی سوونە مەزهەب لە دیمەشق لەدایکبووە، شێخ سەلیم بەیتاری باپیری وەك زانایەکی ئایینی شۆرەتێکی بەرفراوانی هەبوو، سەلاح بەیتار لە منداڵیدا لە قوتابخانەیەکی سەرەتایی ئاڕاستەی ئیسلامیدا خوێندوویەتیو پاشان رەوانەی دواناوەندیی ئەنبار کراوە، کە زۆربەی سەرکردە منداڵترەکانی سووریا لەوێ دەرچوون، لە ساڵی ١٩٢٩ دا لە زانکۆی سۆربۆن ئاشنایەتی لەگەڵ عەفلەق دا پەیدا کردووە، لە ساڵی ١٩٣٤ گەڕاوەتەوە بۆ دیمەشقو بۆتە مامۆستای فیزیا، لە ساڵی ١٩٤٢ وازی لە پیشەی مامۆستایی هێناوەو خۆی تەخان کردووە بۆ کاری سیاسیی. سەرچاوە: سۆزان کەریم مستەفا. بەعسیزم کورد، س. پ، ل ٥١

******گیتۆ: ئەو ناوچانە بوو، کە جوولەکەکانی تێدا دەژیان.

*******تامۆکان: ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە دەکەونە بەشی باکوورو رۆژهەڵاتی کیشوەری ئەوروپا، کە سپی پێستەکان دەگرێتەوە (سلاڤەکان، سامی نەژاد).

********جینۆساید: ئەم زارەوەیە لە دوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە، لە سەر دەستی دادوەری پۆلۆنی لیمکین رافایل هاتەکایەوە، کە راوێژکاری وەزارەتی بەرگریی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو، کە تەواوی ئەندامانی خێزانەکەی بە دەستی نازییەکان قڕکران، جینۆساید وشەیەکی لێکدراوی گریکییە لە دوو بەش پێکهاتووە: Genos، کە بە واتای رەگەز، یان بنەچە دێتو بەشەکەیتریش Cide، یان Caedereی لاتینییە، کە واتای کوشتنو لەناوبردن دەگەیەنێت، بە لێکدانی هەردوو بڕگەکە واتای کوشتنی رەگەزی مرۆڤ دەگەیەنێت، رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١١ی ١٢ی ١٩٤٦ بڕیاری ژمارە ٩٦ی دەرکرد، سەبارەت بەوەی، کە جینۆساید تاوانێکە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی دەبەزێنێتو دژی ئامانجەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە. سەرچاوە: یوسف دزەیی: س. پ، ل ٣٩

*********.ئامادەکار.

**سەرچاوەکان:**


١ـ زاهیر محمدی + یاسین حاجی زادە: فەرهەنگی سیاسی ئارش، ب، چ، هەولێر، ٢٠٠٦، ل ٣٢٥

٢ ـ ئەردەڵان عەبدوڵڵا: فاشیزم لە نێوان دوێنێو ئەمڕۆدا، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢، ل ١٧

٣ـ جۆرج تەرابیشی: مۆدێرنیو راسیزم، شوان ئەحمەد، ب، چ، ب، ش، ٢٠٠٣، ل ١٣

٤ـ مسعود عبدالخالق: مەوسوعەی جودی، چ١، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٦٤٩ ـ ٦٥٠

٥ـ سۆزان کەریم: کورتەی لێکدانەوەی راسیزم بۆ مێژووی کەمالیزمو بەعسیزم، تووێژینەوەیەکی فەلسەفی مێژوویی بەراوردکارییە، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا، بە سەرپەرشتی پ.ی.د کەمال عەلی محەممەد، پێشکەش کراوە بە بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی، ٢٠١١، ل ١٦

٦ـ زاهیر محمدی + یاسین حاجی زادە: س. پ، ل ٣٢٥

٧ـ جۆرج تەرابیشی: مۆدێرنیو راسیزم، س.پ، ل١٧

٨ـ مسعود عبدالخالق: مەوسوعەی جودی، س. پ، ل ٦٤٠

٩ـ زاهیر محمدی + یاسین حاجی زادە: فەرهەنگی سیاسی، س.پ، ل٣٢٦

١٠ـ مەلەك یەحیا: هزرە سیاسییەکانی رۆژئاوا لە سەدەی ٢٠دا، و: هیوا مەجید، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٨، ل ١٣٣

١١ـ مسعود عبدالخالق: مەوسوعەی جودی، س. پ، ل ٦٤١

١٢ـ جۆن وایس: نەریتی فاشیزم، ب، چ، چ، لیرە، سلیمانی، ٢٠٠٥، ل ١٠١

١٣ە. س، ل ٦٠

١٤ـ فەلاح عبدالجبار: رەهەندەکانی ناسیۆنالیزم، و: ئارام جەمال، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ١٦٦

١٥ـ د. رەفیق سابیر: کلتوورو ناسیۆنالیزم، ب، چ٣، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٢٧

١٦ـ جۆرج تەرابیشی: مۆدێرنیو راسیزم، س. پ، ل ١٨

١٧ـ ە. س، ل ٢٢

١٨ـ سڤێن ئێرك لیدمان، و: ئاسۆس شەفیق، رێگوزەری بیری سیاسی، چ٣، سلیمانی، ٢٠٠٩، ل ٢٣٦

١٩ـ هێنری میشێل، و: سمکۆ ئاکام، فاشیزم چییە؟ ب، چ، ب، ش، ٢٠٠٥، ل ١١

٢٠ـ فەرهاد هەمزە محمد: فاشیزمو خوێنی گەلە چەوساوەکان، ب، چ، بەغداد، ١٩٨٥، ل٣٦

٢١ـ یاسین سابیر ساڵح: ئینسکلۆپیدیای گشتی، ب، چ، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٧٤٠

٢٢ـ مەلەك یەحیا سەڵاحی، و: هیوا مەجید، چ١، چاپخانەی خانی/ دهۆك، ٢٠٠٨، ل ١٠٩

٢٣ـ ئەحمەد ناصیف، و: دڵسۆز عومەر: مۆسۆلین ـ ئەفسانەیەك، کە نەیدەویست بمرێت، چ١، چاپخانەی گەنج سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ١٧١

٢٤ـ زاهیر محمدی + یاسین حاجی زاده: س، پ، ل ٦٣٢
٢٥ـ سڤێن ئێرك لیدمان: س، پ، ل ٢٣٦
٢٦ـ ئەکرەمی مهیرداد: قەیرانی دیمۆکراسی کوردیو سەرهەڵدانی فاشیزم، پاشکۆی گۆڤاری ئایدیاوالا: ژمارە (٧) چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٢، ل ٥٦
٢٧ـ بەختیار عەلی: خوێنەری کوشندە، ب، چ، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٥
٢٨ـ مسعود عبدالخالق: مەوسوعەی جودی، س. پ، ل ٦٤٠ + ٦٤٣ + ٦٤٤
٢٩ـ سەمەد ئەحمەد: سایکۆلۆجیای دەسەڵاتو جەماوەر، ب، چ، چاپخانە کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٩٠
٣٠ـ سۆزان کەریم مستەفا: بەعسیزم کورد، چ١، چاپخانەی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٥٥
٣١ـ ئەمین قادر مینە: ئەمنی ستراتیجیی عیراقو سێکوچکەی: تەرحیل، تەعریب، تەبعیس، چ٢، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، ١٩٩٩، ل ٦٤
٣٢ـ سۆزان کەریم مستەفا: کورتەی لێکدانەوەی راسیزم بۆ مێژوو کەمالیزمو بەعسیزم وەك نموونە تووێژینەوەیەکی فەلسەفی مێژوویی بەراووردکارییە، نامەیەکی دکتۆرایە لە زانکۆی سلێمانی، بە سەرپەرشتی پ، ی، د. کەمال عەلی محەمەد، ٢٠١١، ل ١١
٣٣ـ ئەردەڵان عەبدوڵڵا: س. پ، ل ١٠٥
٣٤ـ مەلەك یەحیا سەلاحی، و: هیوا مەجید: س. پ، ل ١٤٥ + ١٤٦
٣٥ـ ئیریك هۆبزباوم: رەهەندەکانی ناسیۆنالیزم، و: ئارام جەمال، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٨٧
٣٦ـ د.ئەلبێرت عیسا: خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی مێژوویی، چ١، ب. چ، چاپخانەی روون، ب. ش، ل ١٧٥ + ١٧٦
٣٧ـ ئەمین قادر مینە: س .پ، ل ٧٥
٣٨ـ سەمەد ئەحمەد: س.پ، ل ١٠٠+١٠١
٣٩ـ ٥. س، ل ٩٩
٤٠ـ ئەردەڵان عەبدوڵڵا: فاشیزم لە نێوان دوێنێو ئەمڕۆدا، س. پ، ل ١٠٥
٤١ـ د.ئەلبێرت عیسا: خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی مێژوویی، س. پ، ل ١٩٩
٤٢ـ فەرهاد هەمزە محەممەد: س. پ، ل ٢٥
٤٣ـ جۆن وایس: س. پ، ل ١٨٠
٤٤ـ ستیفان بروشفیلد + پول ئا. لیڤین: (هۆلۆکۆست) ئاگاداری نەوەکانتانی پێبکەنەوە، و: شێرزاد هەینی، ب، چ، چاپخانەی یشك، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ١٨
٤٥ـ جۆن وایس: س. پ، ل ١٩٠
٤٦ـ ئەدۆڵف هیتلەر: خەباتی من، و: سەلاح نەقشبەندی، چ١، ناوەندی ئارام، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٩٥ + ١٩٦
٤٧ـ ویلهلم رایش: دەروونناسی جەماوەری فاشیزم، و: هەژار جوانڕۆیی، دەزگای چاپو پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٨٢

٤٨ـ فەرهاد هەمزە محەمەد: س. پ، ل ٣٥
٤٩ـ ه. س، ل ٥٣
٥٠ـ ئەردەڵان عەبدوڵڵا: فاشیزم لە نێوان دوێنێو ئەمڕۆدا، س. پ، ل ٥٧ + ٥٨ + ٥٩
٥١ـ جۆن وایس: س. پ، ل ١٩٦
٥٢ـ فەرهاد هەمزە محەممەد: س. پ، ل ٣٥
٥٣ـ ئەردەڵان عەبدوڵڵا: فاشیزم لە نێوان دوێنێو ئەمڕۆدا، س. پ، ل ١٠٩
٥٤ـ د. ئەلبێرت عیسا: خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی مێژوویی، س. پ، ل ١٩٨
٥٥ـ ه. س، ل ٢٠٧
٥٦ـ سالم ئەلقەموودی: سایکۆلۆجیای دەسەڵات، و: بەشارەت رەزا، ب، چ، چاپخانەی دیلان، سلێمانی، ب، س، ل ٢١
٥٧ـ رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست: وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: جەمال میرزا عەزیز، عێراقو تاوانی جینۆساید، س. پ، ل ٣٢
٥٩ـ یوسف دزەیی: ئەنفال، کارەسات، ئەنجامو رەهەندەکانی، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١، ل٢٥
٦٠ـ ناهیدە جەمال تاڵەبانی + جاسم محەممەد عەلی: ئەنفالو گەرمیان، چ١، چاپخانەی وشە، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ١١ + ١٢
٦١ـ ه . پ، ل ١٤
٦٢ـ دانا محەممەد ئەمین کەلاری: ئەنفال پرۆسەیەك بە ناوی دینەوە دەقاو دەق دژی دین، گۆڤاری پەیامی زانایان، گۆڤارێکی رۆشنبیری ئایینییە، یەکێتی زانایانی ئایینی کوردستان مانگی جارێك دەری دەکات، ژمارە ٨١، نیسانی ٢٠١٢، ل ٢٥
٦٢ـ لەتیف فاتح فەرەج: هەڕەشەی ئەنفال، گۆڤاری ئەنفال: گۆڤارێکی لێکۆڵینەوەو دۆکیۆمێنتییە وەزارەتی مافی مرۆڤو ئاوارەو ئەنفال دەریدەکات، ژمارە٣، ساڵی سێیەم ـ ٢٠٠٢، ل ٣١ + ٣٢
٦٣ـ دلێر کەریم: خوێندنەوەیەکیتر بۆ ئەنفال، ب، چ، چاپخانەی هێڵ، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٣٤
٦٤ـ ئەمین قادر مین: ئەمنی ستراتیجیی عێراق، سێکوچکەی: تەرحیل، تەعریب، تەبعیس، چ٢، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، ١٩٩٩، ل ٢٣٠
٦٥ـ لەتیف فاتح فەرەج: هەڕەشەی ئەنفال، گۆڤاری ئەنفال: س. پ، ل ٥٤
٦٦ـ د.شاکر نابولسی: لە بارەی کوردو عێراقو چەند پرسێکی فکرییو سیاسییەوە، و: عەدالەت عەبدوڵڵا، ب، چ، سلێمانی،٢٠٠٩، ل ٣٣
٦٧ـ رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: جەمال میرزا عەزیز، عێراقو تاوانی جینۆساید، س. پ، ل ٦٦ + ٦٧
٦٨ـ میدڵ ئیست ووچ: جینۆساید لە عێراق پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، و: محەممەد حەمە ساڵح تۆفیق: ب، چ، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ١١٠
٦٩ـ هەژار عەزیز سورمێ:کوردو جینۆسایدو ئیبادەکردن!هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی، چ٢، چاپخانەی هێمن نەجاد،ك وردستان، ٢٠٠٦، ل ٥٧ + ٥٨

٧٠ـ سامانسا پاوەر: ب، چ، ئەمریکاو ئەنفال، و: بەختیار کەریم، ئۆکسفۆرد/بەریتانیا، ٢٠٠٦، ل ٩
٧١ـ فیبی مار: مێژووی نوێی عێراقی، و: حەمە شەریف حەمە غەریب + شێرکۆ ئەحمەد حەوێز: چ١، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠. ل ٣٢٦
٧٢ـ د. عەلی تەتەر نێروەیی: بزافی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق لە ساڵەکانی جەنگی عێراق ئێراندا ١٩٨٠ ـ ١٩٨٨، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨. ل ٥١٢
٧٣ـ هەورامان عەلی تۆفیق: هەڵەبجە،کارەساتی کیمیابارانی ساڵی ١٩٨٨، چ١،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/هەولێر،٢٠٠٠، ل ١٥
٧٤ـ عەلی مەحمود محەممەد: بازرگانی مەرگ، ب، چ، بەڕێوەبەرێتی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٨٣
٧٥ـ عەلی تەتەر نێروەیی: س. پ، ل ٥١٤
٧٦ـ دوربیە عەونی: عەرەبو کورد ناکۆکی، یان تەبایی، و: سوارە قەڵادزێیی: چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ١٧٨
٧٧ـ عەلی تەتەر نێروەیی: س. پ، ل ٥١٤
٧٨ـ سالار حەمەسور باسیرە: هەڵەبجەو ئەنفال، چ١، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری بەڕێوەبەرایەتی گشتییە، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ٤٩ + ٥٠
٧٩ـ ئەردەڵان عەبدوڵڵا: فاشیزم لە نێوان دوێنێو ئەمڕۆدا، س. پ، ل ٧٣
٨٠ـ رەیدار لاشۆن، و: ئاسۆس شەفیق، س. پ، ل ١٣٠
٨١ـ ئەحمەد ناصیف: مۆسۆلینی، ئەفسانەیەك، کە نەیدەویست بمرێت، و: دڵسۆز عومەر، س. پ، ل١٣
٨٢ـ فەرهاد هەمزە محەممەد: س. پ، ل ١١٠
٨٣ـ ئەکرەمی میهرداد: ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاری، تیۆری، رەخنە) س. پ، ل ١٩٥ + ١٩٦
٨٤ـ ئەردەڵان عەبدوڵڵا: فاشیزم لە نێوان دوێنێو ئەمڕۆدا، س. پ، ل ٧٩ + ٨٠
٨٥ـ ئەکرەمی میهرداد: ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاری،تیۆری،ڕەخنە) س. پ، ل ١٩٦ + ١٩٧
٨٦ـ ئەحمەد ناصیف: مۆسۆلینی، ئەفسانەیەك، کە نەیدەویست بمرێت، و: دڵسۆز عومەر، س. پ، ل١٥+١٦
٨٧ـ ئەحمەد ناصیف: مۆسۆلینی ئەفسانەیەك، کە نەیدەویست بمرێت، و: دڵسۆز عومەر، س. پ، ل١٧
٨٨ـ ئەردەڵان عەبدوڵڵا: فاشیزم لە نێوان دوێنێو ئەمڕۆدا، س. پ، ل ٨٣ + ٨٤
٨٩ـ رەیدار لاشۆن: ئایدیۆلۆژیی سیاسیی هاوچەرخ، و: لە سویدییەوە، ئاسۆس شەفیق: چ٢، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ١٣١
٩٠ـ ئەردەڵان عەبدوڵڵا: فاشیزم لە نێوان دوێنێو ئەمڕۆدا، س. پ، ل ٨٤
حمەد ناصیف: مۆسۆلینی ـ ئەفسانەیەك، کە نەیدەویست بمرێت، و: دڵسۆز عومەر، چ١، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ١٩ + ٢٠
٩٢ـ رەفیق سابیر: عێراق.دیموکراتیزەکردن، یان هەڵوەشانەوە، چ١، سوید، ٢٠٠٥، ل ١٥

٩٣ـ شەماڵ عەبدوڵڵا: عێراقی نوێ، ب، چ، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ١٣
٩٤ـ ئەلبێرت عیسا: ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە بۆ عێراقی سەردەمی فاشیزم، ل ٤٠٥
٩٥ـ د.شاکر نابولسی: لە بارەی کوردو عێراقو چەند پرسێکی فکریو سیاسییەوە، و: عەدالەت عەبدوڵڵا، ب، چ، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٩١ + ٩١
٩٦ـ سیسیل جۆن ئیدمۆنس، و: حامید گەوهەری، س. پ، ل ١١
٩٧ـ نەوزاد عەبدوڵڵا هێتۆتی: دۆزی کورد لە عێراقداو میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی دوای ٢٠٠٣، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٩، ل ١٩٥
٩٨ـ ئەردەڵان عەبدوڵڵا: فاشیزم لە نێوان دوێنێو ئەمڕۆدا، س. پ، ل ٩٨
٩٩ـ ه. س، ل ٩٤ + ٩٥
١٠٠ـ تەلەفزیۆنی سەحەر ٢: بەرنامەیەك لە بارەی دەستگیرکردنی بەعسیەکان لە عێراق، د. محەممەد بازیانی، ٥ی ١١ی ٢٠١١